وەڵام بە پرسیاری بەڕێز، (ئاسۆ علی فەرەج) لە ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە2410ی 15-2-2007

## "ستراتیژە نوێیەکەی بۆش و بەرنامە ئەمنییەکەی مالکی

# تاچەند دەتوانن هێمنی و ئارامی بۆ عێراق و سەقامگیری سیاسی بەرهەمبێنن؟"

**حەمەغەفور-هۆڵەندا**

بەر لە هەر قسەو لێکدانەوەیەك پێویستە بووترێ کە ستراتیژی ئەمریکا لە بنەڕەتەوە پەیوەندی نەبوو بە بەرپاکردنی ئارامی و سەقامگیرکردنی سیاسییەوە، چ لە ئاستی عێراق و ناوچەکە وە چ لە ئاستی جیهاندا! بەڵکو ڕاستەوڕاست ئەمریکا بەشوێن هەژموونی خۆیەوە بوو بەسەر جیهاندا. جەنگی یەکەمی کەنداو کە بەجەنگی ڕزگارکردنی کوێت ناویهات، یەکەمین مناوەرەی سیاسی فاشیلی ئەمریکابوو کە بووشی باوك ساڵی 90 ئەنجامیدا. یەکەمین کاردانەوەی سیاسی و ستراتیژی جیهانی سەرکەوتووی ڕۆژئاوابوو لە جەنگی سارددا بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە سیاسییەی کە بە شوێن دارمانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا لە خشتبەندی سیاسەتی دنیادا پێکهاتبوو.

کارەساتی 11سێپتێمبەریش وەکو پەلاماری ڕژێمی سەددام بۆ سەر کوێت، بیانوویەکی باشی دایەدەستی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا بەسەرۆکایەتی بووشی کوڕ بۆ تاقیکردنەوەی هەمان ستراتیژی ئەمریکا، واتە "نیزامی نوێی جیهان". بەمپێیە ئەگەر ستراتیژی ئەمریکا عونسوری ئاسایش و سەقامگیری بووایەو کارێکی لەمبارەوە لە دەسبهاتایە، لەم سێ ساڵ و نیوەدا لە عێراق نموونەیەکی ئیجابی نیشانی ئێمەو ڕای گشتی جیهانیش دەدا. بەڵام هەموو دەبینین جەنگی تائیفی ڕۆژانە قەسابی ئینسان دەکات و پاکسازی مەزهەبی و قەومی تەنگی بە ژیانکردن لەم وڵاتە هەڵچنیوە. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان لە نیسانی 2003وە تا ئێستا 2دوو ملیۆن کەس بوونەتە قوربانی ئەم سیاسەتەی ئەمریکاو 4ملیۆن کەسیش ئاوارەبوون. ڕۆژانەش بەلێشاو کاروانی هەڵاتن تۆماردەکرێ.

ڕاستە پەلاماری ئەمریکا ڕژێمی بەعسی لابرد، بەڵام خودی ئەمریکا خۆی وەکو هێزێکی داگیرکەر باشترین زەمینەی خۆشکرد بۆ گەشەو نەش و نمای تیرۆریزمی ئیسلامی و ئاراستەکردنی خۆشباوەڕی جەماوەر لە دژی ئیحتلال و دەیان جۆر دەستەوتاقمی ئیسلامی و قەومی و تائیفی ئینسانکوژ سەریانبەرزکردەوە. کایەکە بەبارێکدا کەوتەوە کە جمهوری ئیسلامی ئێران یەکەمین براوەی سیاسی شەڕی دژی تیرۆری ئەمریکا بوو. لە 10دە پارێزگای خوارووی عێراقدا جمهوری ئیسلامی حوکم دەباتبەڕێوەو ڕەسمی خومەینی لە جێگای مالکی و تاڵەبانی دانراوە. ڕاپۆرتی گرووپی بەیکەر-هاملتۆن باشترین بەڵگەی شکستی ستراتیژەکەی ئەمریکابوو. چاوگێڕانەوەی مەیدانی و ستراتیژی

هەردوو حیزبی دیموکراتخوازو جمهوریخوازی ئەمریکایی بوو بە ستراتیژی نەزمی نوێی جیهانیدا. چونکە مەسەلەی عێراق و فەشەلی سیاسەتی پێشگیرانە بۆ ئەمریکا ببووە لیتاوێك، خەریکبوو دەربازبوون لێی دەبووە مەحاڵ. دەبووایە ئیستراتیژیسیەنەکانی ئەمریکا بۆ دەربازبوون بیریکبکەنەوە. ڕاپۆرتی گروپی بەیکەر-هاملتۆن کلیلی ئەو پاشەوپاشگەڕانەوەیە بوو کە بە ناچاری دەبووایە ئەمریکا قبوڵیبکات و خۆی تێخزێنێ بۆ خۆقوتارکردن.

کەواتە ستراتیژی نوێی ئەمریکا، نەخشەی دوای شکستە بۆ گەڕانەوە. پرۆژەی بەرگری دوای تێکشکانە بۆ کەمکردنەوەی زەرەروزیانی ئەمریکا. مشوورێکە بۆ هەڵاتن لەو زەلکاوەی کە بەرەنجامی سیاسەت و ستراتیژی خۆی بووە. ئیتر بەبڕوای من بەقەد تاڵەموویەك پەیوەندی نییە بە ئارامی و سەقامگیریکردنی سیاسییەوە. خەڵکی عێراق و کوردستان بەقەد نووکە دەرزییەك نابێ دڵی خۆیان بەوە خۆشکەن کە ستراتیژی نوێی ئەمریکا هاوشان لەگەڵ بەرنامە ئەمنییەکی نوری مالکی دەتوانێ کارێك لە ڕاستای ئارامی و سەقامگیری ئەنجامبدات. من پێموایە خۆخەڵەتاندنە کەسێك وابیرکاتەوە ناردنی 21هەزار چەکداری ئیزافی بۆ سەر ئەو هێزانەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کە لە عێراق جێگیرن بەرنامەی مالکی بۆ کۆنترۆڵی شاری بەغدا هاوکاریدەکات. پەرلەمان و حکومەتێك کە لەژێر سێبەری ڕەحمەتی هێزەکانی ئەمریکادا بەزەحمەت دەتوانێ کۆبوونەوەکانی خۆی گریبدات، یاخود پێکهاتەیەکی ئاوێتە لە چەند هێزو لایەنی بەسەختی دژ بەیەکی ناو ئەم حوکم و دەسەڵاتە بێپایەیە کە هەر یەکەیان لە ئاوازێك دەخوێنێ، لەکوێ بە عەقڵدا دەچێ بەرنامەی حکومەتی مالکی لەمنێوەدا بۆ هێمنی و ئارامی کارێکی لەدەستبێت! لە کاتێکدا فرەقولەوت و فیداییەکانی جندوڵڵا هەمەڕەنگەکان خۆیان بەشێکن لە وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆ!

بەڕای من یەکەمین هەنگاو لەڕاستای گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ عێراق و سەقامگیری سیاسی تیایدا، کۆتاییهاتنی ئیحتلال و چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانیەتی لەم وڵاتە. چونکە سەرەکیترین عونسوری ئەم بارودۆخە دژوارو ناجێگیرەیەو لە هەمانکاتیشدا گەورەترین بەهانەی دەستی سەرجەم گروپە ئیسلامییەکان و کۆنەبەعسی و قەومییەکانیشە بۆ دەفعی کارەتیرۆریستییەکانیان بەناوی مقاوەمەوە. ئەوسا وەهمی تەبلیغاتی دژە ئیحتلال بەرچاوی جەماوەری عێراقیش بەردەدات و باشتر دەتوانن بیر لە ئاییندەی وڵاتەکەیان بکەنەوە.

2007-2-11